# حکومەتی یەکگرتوو
# کاری ئەولەویاتی چی یە ؟



کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo.com

ئێمە دەمێك بوو ، چاوەڕێی یەکگرتنەوە و نەمانی دوو ئیدارەیمان دەکرد لە کوردستان و هەمووومان کۆکین لە سەر ئەوەی کە کوردستانمان ولاَتێکی بیٚ ئاژاوە و ئارام بێت و ژیانێك بەرینە سەر کە شایستەی مرۆڤ بیٚ و لە دوای مێژوو یەکی دور و درێژی شەڕ و کوشتن و ئەنفال ، لە دوای ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان و بەردەوام کار بۆ قڕ کردنی کورد چاوەڕێی خۆشگوزەرانین .

وا حکومەتی یەکگرتوی کوردستان ڕاگەیەنرا و بە 42 وەزیرەوە هاتە خزمەتمان ، بەلاَم ئەگەر کۆمەلێك پرسیار لە سەر ئەم دوو حکومەتە دروست بێت و وەك ئەوەی کە وروژێنراوە ! 42 وەزیر بۆچی ؟ دووبارە بونەوەی وەزیرەکان و دابەش کردنی پۆستەکان لە شێوەی ئاغایەتی و نەمانەوەی حزبێك وەك ئۆپۆزسیۆن و یەکنەگرتنەوەی چوار وەزارەت و تا ئێستا ئاشکرانەکردنی بودجەی ئەم حکومەتە یەکگرتووە ؟ کۆمەلێك پرسیارن ؟؟؟؟؟؟؟؟

لێرەدا دەمەوێت قسە لە سەر کاری ئەولەویاتی حکومەت بکەم و بپرسین حکومەت سەرەتای کارەکانی لە چی یەوە دەست پێبکات و کام داواکاریەی هاولاَتیان گرنگە بخرێتە سەرەتای کارەکانی حکومەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر و پاش پانزە سالٚ دەسەلاَتی خۆمالّی کوردی ئاهایٚکمان پێدا بێت و بلێین ئۆخەی بۆ ژیانمان ، **ئەگەر بێن و باسی کاری ئەولەویاتی حکومەت بکەیت دەبێت بلێین لە چی یەوە دەس پێبکات !! لە چاککردنی ڕێگاوبانەکانەوە یان گەندەلّی نێو دام و دەزگاکان ، لە کارەبا و ئاوەوە یان سوتەمەنی و گۆڕینی پڕۆگرامەکانی خوێندن ، لە جوان کردنی شارەوە یان ئاوەدان کردنەوەی هەلّەبجە ، لە کێشەی نیشتەجێبونەوە یان تەقەنەکردن لە خەلّکی خۆپیشاندەر ، لە خزم خزمێنەوە یان واستەو واستەکاری ، لە ئیمزای قەلّەمی شین و سەوز و سورەوە یان نەهێشتنی فرە ژنی ، لە مافی منالّەوە یان کەم ئەندام و کورتە بالاَوە ، لە کێشەی تەندروستیەوە یان مۆبایلی ئاسیا و سانا و کۆڕەك ، لە زەوی دابەش کردنەوە یان گرانی بازاڕەکان ، لە لێپرسینەوەی مەسئولەکانەوە یان دەسەلاَتی دادوەری ، لە پۆلێکی چل پەنجا قوتابییەوە یان نەبونی قوتابخانەیەك لە گوندێك ، لەکوشتنی ئافرەتانەوە یان جێبەجیٚ کردنی یاساکان ، لە مافی تاکێکەوە یان کەرکوکی ژێر دەستە ، لە تۆپ بارانەکانی تورکیاوە یان سنوبەزاندنەکانی ئێران لە ....... یان ...... .**

کاتێك کە دور بی لەم ولاَتە و بیٚ ئاگا بیت بڕوا ناکەی کە ئەمە دوو حزب بالاٚ دەست بوون و دوو حکومەت لەم سیٚ شارە هەبووە ، لە بەر ئەوەی کە باسی هەر پێداویستی و داواکاریەکی ژیان ئەکەی کەم و کوڕی تێدایە و دەست ئەبەی بۆ هەر شتیٚ کۆمەلێك کێشەیە ، بۆ نمونە ***لە شاری سلێمانی هەر بینایە و ئەچیٚ بە ئاسمانا کە چی هۆدەیەکت دەست ناکەویٚ بە 100 دۆلار لە کاتێکدا کێشەی کرێچێتی لە هەر ولاَتێکدا واردە بەلاَم بەم شێوەیەش نا کە تۆ حکومەت ئەگەر دەرچوی زانکۆ بین بە 100 دۆلارێك داتبمەزرێنیٚ و بەلاَم شوێنێکی نیشتەجێبونت بەو موچەیە دەست نەکەویٚ*** و جادەکان پڕبن لە تاسە و چالٚ و چۆلّی و ئاو بەشی پێداویستیت نەکات دەبێت بە ترسەوە بە کاری بێنیت و کارەبا بە بیٚ بەرنامە بکوژێتەوە بلێیت باران نەباریوە چونکە کە من یاتۆ دەلّیی حکومەتم ئیتر من نازانم تۆ چۆن بۆم دابین دەکەیت بەلاَم گرنگ ئەوەیە من کارەبام دەویٚ و پێداویستی ژیانمە ، ئەگەر زەوی وەربگریت و واستەت هەبێت یان بە خالٚ چانسی وەرگرتنت هەبێت لە شوێنێك دەبیتە خاوەنی کە هیچ خزمەتگوزاریەکی شارەوانی لیٚ نی یەوە تاوەکو خەدەمات دەتگاتیٚ و هەناسەیەك لە خانوەکەتدا هەلّدەکێشی ئەوە تەمەنت

**ڕۆیشتووه بۆ سەر و چل ساڵ وبه مەرجێك پارەت  هەبێت و ئەگینا عەقارێكی حكومەت بەش ناكات كە دوو بلۆك بە دۆلارێك بێت و تەنێك شیش بە زیاتر لە چوارسەد دۆلار و  وەستایەكیش لە ڕۆژێكدا بە سی دۆلار كارت بۆ بكات كە دیارە  داهاتی خێزانی ئێمە چەندە لە مانگێكدا .**

**باسی هەر پێداویستیەك دەكەیت نی یە یان هەبونەكەی وانیە شایەنی باس بێت و بە ئاسانی دەست كەوێت و دەستكەوتنەكەشی لە گرانی نرخەوەیە ، دەنا بۆ سوتەمەنی دەست ناكەویٚ لە بەنزینخانەكان و لە بازاڕی ڕەشیش چەندت دەویٚ هەیە ، بۆیە ئەركی ئەم حكومەتەی كە پێك هاتووە لە كوردستان زۆر گرانە و فرەیی حزبەكان و باس كردن لە حكومەتی گەل و دیموكراسی و دادوەری و كۆمەڵی مەدەنی و سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ  باری شانی حكومەتی گران تر كردووە ، ئەگینا ئەوەی كە دڵسۆزی ئەم وڵاتە بێت حەز دەكات حكومەتی یەكگرتوی كوردستان لە حكومەتی سویدی باشتر بێت بۆ گەلەكەی و كار بەدەستان كارێك بكەن كە هەناسەیەك بۆ پشوو هەڵمژین .**